# سوێند بە بتەکان (تاغوتەکان) وبە باوباپیرانتان مەخۆن

لە عبدالرحمان کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرمویێت: «سوێند بە بتەکان (تاغوتەکان) وبە باوباپیرانتان مەخۆن».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە لە سوێند خواردن بە تاغوتەکان، ئەمیش کۆی وشەی (طاغیه:تاغیه)یە؛ ئەو بتانەن کە لە لایەن موشریکەکانەوە دەپەرستران، وهۆکاری ملهوڕی وکوفریان بوون، هەروەها پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە لە سوێند خواردن بە باوباپیران؛ چونکە خووی عەرەب لە جاهیلیەتدا وابوو کە سوێندیان بە باوباپیرانیان دەخوارد بۆ شانازی و بەگەورەدانانیان.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee